# ئەمەشیان هەر پەرلەمانی حزبە !

ئازاد بێباک
azadbebak@hotmail.com

خەڵکی کوردستان بە پەرۆشەوە بۆ سەندوقەکانی دەنگدان رۆشتن و پێیانوابوو کە پەرلەمانی نوێ وەک ئەوەی کۆن نابێ و پەرلەمانی خەڵک ئەبێت . سەرانی هەردوو زلحیزبەکەیش هێندە بەڵێن و پەیمانی جۆراوجۆریان بە خەڵک ئەدا کە هاولیستانیان لە شیوعی و یەکگرتووی ئیسلامی و سۆسیالیست و پاشکۆکانی تریشیان بۆیان ئەرازاندنەوە و بەڵێنی ئەوەیان ئەدا کە ئەمجارەیان پەرلەمانێکی هەمە رەنگ و هەمە دەنگ ئەبێت و ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتیمانی جەماوەرە کە دەنگی بۆ بەن . زۆربەی خەڵکی کوردستان بە وادە و بەڵێنەکانی ئەوان فریویان خوارد ، تەنیا ئەوانە نەبێ کە دەنگیان بە لیستی کۆمەڵی ئیسلامی و لیستی زەحمەتکێشان و سەربەخۆکاندا دا . هەرچەندە لیستی کۆمەڵ 6 کورسی و لیستی زەحمەتکێشان و سەربەخۆکانیش تەنها یەک کورسییان بەدەست هێنا ، بەڵام دیسانەوە ئەوانەی دەنگیان بەو 2 لیستە داوە ویژدانیان ئاسودەترە و راستگۆیانەتر لەگەڵ خۆیانا هەڵسوکەوتیان کردووە .
یەکێتی و پارتی کە بە جووتە چوونە ناو لیستێک و فشاریشیان خستە سەر حزبەکانی تر تا پاشکۆیەتیەیان بکەن ، مەبەستیان بوو جەماوەر چەواشە بکەنەوە و 13 ساڵی تری کورسیەکانی پەرلەمان مسۆگەر بکەن. بەداخەوە زۆر لە رۆشنبیران و سیاسەتکارانی دەرەوەی ئەو دوو زلحیزبەیش کەوتنە ناو بازنەی فریوو بانگەشەی ئەوەیان کرد کە ئەبێ خەڵکی کوردستان دەنگ بۆ لیستی نیشتیمانی دیموکراتی کوردستان بدەن چونکە زامنی یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەکەی حکومەتی کوردستان و هەڵنەگیرسانەوەی شەڕی ناوەخۆ ئەبێت و ئەشبێتە هۆی گێڕانەوەی کەرکوک و خانەقین بۆ سەر هەرێمی کوردستان. ئەنجام نەک هیچ لەو بەڵێنانە نەهاتنەدی ، کەچی زۆر ئاشکرا پێیان وتینەوە کە پەرلەمان هی حزبە و مافی کەسی دیکەی بەسەرەوە نییە. ئەگەر پەرلەمان هی خەڵک بوایە ، ئەبوایە 3 مانگ لەمەوبەر کۆبوونەوەیان کۆبوونەوەی بکردبوایە و دەستی بە کارەکانی خۆی بکردبوایە . لەم ماوەیەدا کۆبوونەوەی چڕ و تێروتەسەل لە نێوان مەکتەبی سیاسی هەردوو زلحیزبەکە ئەکرێ و باس لەوە ئەکەن چۆن کورسیەکانی نێوانیان دابەش بکەنەوە و سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەستنیشان بکەن و چەندە دەستەڵاتی پێبەن . ئەم کۆبوونەوانە خۆی لە خۆیدا بێ ئیعتیبار کردنی پەرلەمانی نوێیە لەیەکەم رۆژی تەمەنیەوە .
ئەگەر مەکتەبی سیاسی بڕیار بدات و ئەندامانی پەرلەمانیش تەنها دەستی بۆ بەرز کەنەوە ، ئەی هەڵبژاردنەوەی بۆ چی بوو؟؟ . ئەگەر وەک جاران هەردوو مەکتەبی سیاسی پۆستەکان دابەش بکەنەوە و سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی حکومەت و وەزیرەکان ناونووس بکەن و خێرێکیش بە هاولیستەکانیان بکەن ، ئەوی پەرلەمانی نوێ بۆ چی بوو؟؟. ئەگەر ئەندام پەرلەمانی تەنیا بۆ مووچە و زەوی پێدان بێت ، پێویست ناکات بچنە پەرلەمان و بە قسەی دۆڕاو سەری خەڵک بیەشێنن . ئەگەر دیسانەوە مەکتەبی سیاسی بڕیاردەر و دەستەڵاتدار بێت ، ئەی پەرلەمانی نوێ

چ مەعنا و مەغزایەکی بۆ ئەمێنێتەوە ؟؟!. بە ڕاستی شەرمە بۆ پەرلەمانتاران کە هێشتا سوێندی یاسابیان نەخواردووە ، . دەستەڵاتیان لێ ئەسەندرێتەوە و بە رۆبۆت ئەکرێن . شەرمە بۆ پەرلەمانتارێک ئەو دۆخە قەبوڵ کات و قسەیش نەکات . زۆر عەیبە بۆ پەرلەمانتارانی نوێ ئەگەر بڕیارەکانی مەکتەبی سیاسی هەردوو زلحیزبەکە رەخنە نەکەن و نەڵێن ئەوە ئێمەین ئەبێ بڕیار بدەین نەک ئێوە . ئەگەر ئەو پەرلەمانێرانە ئەو کارەیان نەکرد ، ئەبێ جەماوەر پەنجەی پەشیمانی بگەزێتەوە و تفیش لە پەرلەمانتێران بکات . خەڵکینە ویژدانتان ئازارتان ئەدا ئەگەر دژی ئەو دیکتاتۆریەتەی زلحیزبەکان رانەپەڕن . خەڵکینە ئاهی ئەو دەنگانە ئەتانگرێ کە ئەبینن بەبەر چاوتانەوە دەنگەکان هەراج ئەکەن و تف لە ویست و ئیرادەتان ئەکرێ و ئێوەیش قسەیەک ناکەن ، رەخنەیەک نەگرن . ئەمە پەرلەمانی حزبە یان هی جەماوەر ؟؟ ئەگەر مەکتەبی سیاسی بڕیار بات و دەستەڵاتیش تەنها بۆ سەرۆکی حزب و دارودەستەکەت بێت .